کۆی گشتی هەناردەکردنی مس لە وڵاتی ئێران لەمساڵدا گەیشتووەتە 644 ملیۆن دۆلار

ڕێکخراوی گەشەپێدان و مۆدێرنکردنی پیشەسازی کانزایی ئێران ڕایگەیاندووە، کە "کۆی گشتی هەناردەکردنی مس لە ئێران لەمساڵدا گەیشتووەتە 644 ملیۆن دۆلار".

ڕێکخراوی گەشەپێدان و مۆدێرنکردنی پیشەسازی کانزایی (IMIDRO) ڕایگەیاند، کە بەگوێرەی ئامارەکانی کۆمپانیای نیشتمانی ئێران بۆ پیشەسازی مس، بەهای فرۆشتنی کۆمپانیاکە لەماوەی ئەمساڵی (ساڵی ئێران)یدا گەیشتووەتە 644 ملیۆن دۆلار کە بەبەراورد بە هەمان ماوەی ساڵی ڕابردوو بەڕێژەی 32% گەشەی تۆمارکردووە.

توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە وڵاتی ئێران نزیکەی 36.5 ملیۆن تۆن لە کانزای مس یەدەگی هەیە کە دەکاتە 4.2 لە سەدی یەدەگی مس لە جیهاندا، هەروەها ئێستا ئێران لە پلەی حەوتەمی ئەم بوارەدا لە جیهاندایە.